حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

کۆلێژی ئاداب

بەشی کۆمەڵناسی

# کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر خێزان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

### توێژینەوەیەکی دەرچوونە

پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب / بەشی کۆمەڵناسی کراوە، وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

ئامادەکردنی

بلال حسین رشید

بە سەرپەرشتی

د. عبداللە اسماعیل

٢٠٢٤ زایینی     ١٤٤٤ ی کۆچی     ٢٧٢٣ ی کوردی

بۆ/ سەرۆكايەتی بەشی كۆمەڵناسی بەرێز

ئەم توێژینەوەیە كە ناونیشانی ( كاریگەری ناپاكی هاوسەرگیری لەسەر خێزان ) لە خۆگرتووە، لە ژێر چاودێری من لە بەشی كۆمەڵناسی-زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر، كۆلێژی ئاداب ئامادە كراوە وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەسهێنانی بروانامەی بەكالۆریۆس لە كۆمەڵناسی.

تكایە ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسانگاندن و تاوتوێكردنی پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن و تاوتوێكردن بكرێت، بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست.

واژۆ

سەرپەرشتیار

د. عبدالله اسماعیل

## پێشکەشە

* به دایکی خۆشەویستم.

* به ئەندامانی خێزان و هەموو ئەوانەی هاوکارمان بوونە تا ئێستا

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس و ستایش بۆ خودای باڵا دەست کە یارمەتی دام بۆ تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە .
* سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ خانەوادە و هاوڕییان و هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیا دام، کە هاوکار و پاڵپشتم بوون لەسەر خستنی توێژینەوەکەم.
* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ بەڕێز دکتۆر ( عبدالله اسماعیل ) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی .توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ و هاوکار و یارمەتی دەری تەواوی قۆناغەکانی توێژینەوەکەم بوو.
* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ بەڕێز مامۆستا ( اكرم عبدالجبار).
* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ بەڕێز مامۆستا ( عبدالله رسول ).

# ناوەوڕۆك


| ناوەڕۆك | لاپەرە |
| --- | --- |
| بۆسەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی بەڕێز | ب |
| پێشکەشە | ت |
| سوپاس و پێزانین | ث |
| ناوەڕۆك | ج-ح-خ |
| پێرستی خشتەکان | خ-د |
| پێشەکی | ٢-١ |
| تەوەری یەکەم/ لایەنی تیۆری | ١٣-٣ |
| بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان | ٧-٣ |
| تەوەری یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | ٤-٣ |
| یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە | ٣ |
| دووەم/ گرنگی نوێژینەوەکە | ٣ |
| سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| تەوەری دووەم/پێناسەی چەمکەکان | ٧-٥ |
| یەکەم: ناپاکی | ٥ |
| دووەم: هاوسەرگیری | ٦ |

| | |
|---|---|
| سێیەم: خێزان | ٦-٧ |
| بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو | ٨-٩ |
| یەکەم/ توێژینەوەی کوردی | ٨ |
| دووەم/ توێژینەوەی عربی | ٩ |
| بەشی سێیەم/ جۆرەکانی ناپاکی، جۆرەکانی هاوسەرگیری و ئەرکەکانی خێزان | ١٠-١٣ |
| باسی یەکەم/ جۆرەکانی ناپاکی | ١٠-١١ |
| باسی دووەم/ جۆرەکانی هاوسەرگیری | ١٢-١٣ |
| باسی سێیەم/ ئەرکەکانی خێزان | ١٣ |
| دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی | ١٤-٣٦ |
| بەشی چوارەم/ کارا کارامەییەکانی لایەنی مەیدانی | ١٤-١٥ |
| باسی یەکەم/ میتۆدی رۆپێوی کۆمەڵایەتی | ١٤ |
| باسی دووەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە | ١٤-١٥ |
| باسی سێیەم/ نموونەی توێژینەوە | ١٥ |
| باسی چوارەم/ بوارەکانی توێژینەوە | ١٥ |
| بەشی پێنجەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان | ١٦-٢٧ |
| باسی یەکەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتیەکان | ١٦-١٧ |
| باسی دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتیەکان | ١٧-٢٧ |
| بەشی شەشەم/ ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ٢٨-٢٩ |

| | |
|---|---|
| یەکەم/ ئەنجام | ٢٨ |
| دووەم/ پێشنیار | ٢٩ |
| سێیەم/ ڕاسپاردە | ٢٩ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣١-٣٠ |
| پاشکۆ | ٣٥-٣٢ |


## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناوەڕۆکی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | ١٦ |
| ٢ | باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | ١٦ |
| ٣ | باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | ١٧ |
| ٤ | شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | ١٧ |
| ٥ | ناپاکی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی | ١٨ |
| ٦ | کاریگەری ناپاکی لەسەر منداڵەکان | ١٨- ١٩ |
| ٧ | ناپاکی دژی بنەمای ئاینیی | ١٩ |
| ٨ | کاریگەری ناپاکی لە کەمبوونەوەی هاوسەرگیری | ١٩- ٢٠ |
| ٩ | ناپاکی و لەدەست دانی ناوبانگ | ٢٠ |
| ١٠ | هەژاری و ناپاکی | ٢١ |
| ١١ | ساردیپەیوەندی نێوان هاوسەر و ناپاکی | ٢١ |
| ١٢ | تۆڵەسەندنەوە و ناپاکی | ٢٢ |
| ١٣ | هاوڕێی خراپ و ناپاکی | ٢٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | لاوازیی ئایینی و ناپاکی | ٢٣ |
| ١٥ | دوورکەوتنەوە و ناپاکی | ٢٣ |
| ١٦ | بێ متمانە ناپاکی | ٢٤ |
| ١٧ | جیاوازی تەمەن وناپاکی | ٢٤ |
| ١٨ | زۆرە ملێ بە شوودان و ناپاکی | ٢٥ |
| ١٩ | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناپاکی | ٢٥ |
| ٢٠ | دەست خستنە ناو کار و ناپاکی | ٢٦ |
| ٢١ | ناپاکی و کێشە | ٢٦ |
| ٢٢ | ناپاکی و دۆخی ئابووری | ٢٧ |
| ٢٣ | ناپاکی و دڵڕاوکێ | ٢٧ |

# پێشەكی

ناپاكی هاوسەرگیری لە ئێستادا بۆتە دیاردەیەكی زۆر كاریگەر لە كۆمەڵگای كوردی دا، وە ڕێژەكەشی ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەرز بوونەوە دایە بە گوێرەی ئامارەكانی ساڵانە كە بڵاودەكرێتەوە، هۆكاری هەرە سەرەكی ساڵی ڕابردوو جیابوونەوەی نێوان هاوسەران خیانەتی هاوسەرگیری بوو، وە گەر بێتوو سەیری سجنەكان بكەین دەبینین بە شێوەیەكی دیار لەوانەی گیراون و بەند كراون ئەوانەن كە هاوسەریان هەبووە بەڵام لە هەمان كاتدا تاوانیان ئەنجام داوە لەگەڵ كەسی تر، گەر بیر بكەینەوە دەبینین كۆمەڵێكی زۆر هۆكار هەنە خەڵك بۆچی خیانەت دەكات وەك هۆكاری ئابووری، هۆكاری كۆمەڵایەتی و هۆكاری كاڵبوونەوەی بەها و داب و نەریتەكانە. بە هۆی كاریگەری ئەو خیانەتە هاوسەرگیرییە لەسەر كۆمەڵگا لەسەر منداڵەكانی نێوان ئەو هاوسەرانە كە لە یەكتر جیادەبنەوە لەسە لایەنی ئابووری خێزان یا لەسەر لایەنی كۆمەڵایەتی خێزان لەسەر پەروەردەی منداڵ لە خێزان لە ئێستادا ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بابەتە گرنگ و بایەخی زیاتر پەیدا دەكات، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەكی زانستی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام بدەین.

ناپاكی هاوسەرگیری ئەمڕۆ بابەتێكی گرنگی نێو كۆمەڵگایە و هەموو لایەك لە هەوڵ و جێ بە جێگەیاندنی هۆشیار كردنەوە و ڕێنمایی كردنی تاكەكان بە گشتی و هاوسەران بە تایبەتی دان، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەكی زانستی لەسەر ئەم بابەتە بكەین، ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكەمان بریتییە لە: زانینی كاریگەری ناپاكی هاوسەرگیری لەسەر خێزان، وە خاڵێكی تر زانینی كاریگەری ناپاكی هاوسەرگیری لەسەر لایەنی كۆمەڵایەتی خێزانە، كۆتا خاڵ و ئامانجمان بریتییە لە زانینی كاریگەری ناپاكی هاوسەرگیری لەسەر لایەنی ئابووری خێزان. لە تەواو كردن و بەجێگەیاندنی ئەركی توێژینەوەكەمان تووشی كۆمەڵێك گیر و گرفت بووین لە كۆكردنەوە و بە دەستهێنانی زانیاری، وە گرفتی سەرەكی ئەم توێژینەوەكەمان خۆی لەو پرسیارە دەبینێتەوە: (كاریگەری خیانەتی هاوسەرگیری لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی خێزان؟)

ئەم توێینەوەیە لە دوو دەروازە پێك دێت، كە لایەنی تیۆری و لایەنی مەیدانییە، دەروازەی یەكەم یەكەم و لایەنی تیۆری بریتییە لە

بەشی یەکەم: (چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە) باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە، باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکە سەرەکیەکان. بەشی دووەم ( توێژینەوەکانی پێشوو) توێژینەوەیەکی کوردی و یەکی عربی. بەشی سێیەم ( جۆرەکانی ناپاکی، جۆرەکانی هاوسەرگیری و ئەرکەکانی خێزان) باسی یەکەم: جۆرەکانی ناپاکی، باسی دووەم: جۆرەکانی هاوسەرگیری، باسی سێیەم: ئەرکەکانی خێزان. دەروازەی دووەم و لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە هەروەها بەشی چوارەم  بریتییە لە ( چوارچێوەیمەیدانی توێژینەوەکە). بەشی پێنجەم ( خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان) باسی یەکەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتییەکان، باسی دووەم: خستنە ڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتیەکان. بەشی شەشەم و کۆتایی ( ئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیار).

## دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوە

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان

## باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### گرفتی توێژینەوەکە

هەموو توێژەرێك لە تیشك خستنە سەر بابەتێك هەوڵ دەدات بابەتەکە بروژێنێت و بیخاتەڕوو، لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێك گرفت هەیە توێژەر زیرەکانە کاری لە سەر دەکات و مەبەستیەتی بیخاتەڕوو لە شێوەی پرسیارێك یا چەند پرسیارێك دروست دەبێت، ئەو پرسیارە هەوڵدانی توێژەر پیشان دەدات بۆ گەڕان بە دوای کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، وە بگەڕێین بۆ دیتنەوەی وڵامێك بۆ پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان، پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وڵامی ئەوەی ( ئایا خیانەتی هاوسەرگیری چ جۆرە کاریگەریەك لەسەر خێزان بە جێ دەهێڵێت؟) وە چەند پرسیارێکی لاوەکیشمان هەیە وەك ( کاریگەری خیانەتی هاوسەرگیری لەسەر لایەنی ئابووری خێزان؟ ). وە ( کاریگەری خیانەتی هاوسەرگیری لەسەر پەروەردەی منداڵ؟). پرسیارێکی تر بریتییە لە ( کاریگەری خیانەتی هاوسەرگیری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خێزان؟ ).

### گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی کاتێك ئەنجام دەدرێت، دوو جۆر گرنگی لە خۆ دەگرێت، کە بریتیین لە گرنگی تیۆری و گرنگی لایەنی مەیدانی

**گرنگی تیۆری**: ئێمە بۆمان دەر دەکەوێت لە ڕووی تیۆریەوە کە ئایا ناپاکی هاوسەرگیری هۆکارەکانی چین، وە کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر خێزان و کۆمەڵگا و منداڵ و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان چییە.

**لایەنی مەیدانی**: گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینی کە لە ئەنجامی جێ بە جێ کردنی لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێك دەگەین، کە ئەم ئەنجامانە دەمانگەیەنن بە دەرئەنجام و پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

١. زانینی کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر خێزان.

٢. زانینی کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی خێزان.

٣. زانینی کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر لایەنی ئابووری خێزان.

## باسی دووەم/ پێناسەی چەمکەکان

### ناپاکی

ناپاکیی: پارێزگاری نەکردن وکەم تەرخەمی پیاو یان ئافرەتە.لەوپەیمان وبەلێینەی کە هەردوو هاوبەش لەپشووتردا بەیەکیانداوە. ڕەنگە ئەو کارە بەمەبەست یاخوود بێ مەبەست بووبێت. بەبێ ئەوەی هیچ نرخێک بۆ بەرژەوەندی هاوبەشەکەی دابنێت.(السدخان،٢٠١١،٣٤٤).

ناپاکیی هاوسەرگیری لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە بریتیە: لەگرفتێکی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی هاوسەران دەبێتەوە: دۆخێکی ناسەقامگیر لەنێوان هاوسەران دروستدەکات و دواتر قەیرانی کلتووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت: بەو هۆییەوە کۆمەڵگاش دووچاری گرفت دەبێتەوە: ئەم دۆخەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر گرفتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگا( میشل،١٩٨٦،١٣٨).

پێناسەی ڕێککاری ناپاکی: ناپاکی دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە بەو مانایە دێت یەکێك لە هاوسەرەکان پەیوەندیەکی ناڕەوا لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ببەستێت، کە ئەمەش زیان بە هاوسەرەکەی دیکەی دەگەیەنێت، جا دەکرێت ئەم زیانە بەرجەستە( ماددی) بێت، وەك ئەوەیە یەکێك لە هاوسەرەکان کاری سێکسی لەگەڵ کەسێکی دیکە ئەنجام بدات، هەروەکو چۆن دەکرێت زیانەکە واتایی( مەعنەوی) بێت، وەك ئەوەی یەکێك لە هاوسەرەکان نامەی سۆزداری لەگەڵ کەسێکی دیکە ئالۆگۆڕ بکات.

## هاوسەرگیری

هاوسەرگیری: گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاو، بە پێی شەرع بۆ یەکتری حەلاڵ دەبن و مەبەست تێدا پێك هێنانی خێزانە لەسە بنەمای خۆشەویستی، بەزەیی و بەرپرسیارەتی هاوبەش.( معروف، ساڵ، لا ٦٣)

هاوسەرگیری لەروانگەی ئاینی) پێی وایە هاوسەرگیری گرێ بەستێکی شەرعی و یاساییە لەنێوان ئافرەت و پیاو ئەنجامدەدرێت: ئامانج لەوکارە دروستکردن و پشتیوانی وپاراستنی خێزان و پەروەدەکردنی منداڵە(ابوبکر. ٢٠٢٢لا ١٠).

پێناسەی ڕێکاری بۆچەمکی هاوسەرگیری پرۆسەیەکە یان نۆرمێکی ئالۆزی کۆمەڵیەتییە کەگوزارشتە لەجێگیرکردنی جۆرێک لەپەیوەندی و دیاریکردنی پێگەی تازەی ئافرەت وپیاو لەکۆمەڵگادا. لەالیەکی دیکەشەوە دەرخەری ڕەزامەندی وبەرگری وپارێزگاری کۆمەڵیەتییە لەم پێگە تازەییەدا. بۆیە هاوسەرگیری وەک گرێبەستێکی کۆمەڵیەتی دانپێداندراو پەسەند دەکرێت لەالیەن کۆمەڵگا و دادگادا. ئەم پرۆسەیەش لەژێر چاودێری بەشێکی ئەندامانی کۆمەڵگا بەرێوە دەچێت لەسنووری شاری هەولێر.

## خێزان

**خێزان/یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکیە لە دروستکردنی کۆمەڵگا، دەتوانین بڵێین باوان(دایک و باوک) دروستکەر و هەڵسوڕێنەری خێزانن. کە ئەرکی سەرەکیان پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەکانە ، کە ئەوانیش هەڵدەستن بە دروستکردن و پێکهێنانی خێزانێکی نوێ و خستنەوەی نەوەیەکی نوێ، بەمەش ژمارەکی زۆری خێزان پێك دێت و دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگا**.(عەبدولڕەحمان،٢٠١٢: ١٥لا)

**لێرەدا وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەرکە جەوهەریەکانی تاك و کۆمەڵگا هەڵدەسوڕێنێ، خێزان بونەوەرێکی مرۆیی دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی بەمرۆڤ کراوی خاوەن سروشتی کۆمەڵگاکەی، بەهۆی پەروەردە کردن و ئاڕاستەکردنەوە**.(خەلیل،٢٠٠٧: لا ٥)

وه دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یەو لە هەموو شوێنێك و سەردەمێکدا بوونی هەیە و بەبێ ئەو مانەوە و بەردەوامیی کۆمەڵگە مەیسەر نابێ.(وسوتی و خوڵق،٢٠١٣: ل١٨٩)

**پێناسەی ڕێککاری خێزان** دەتوانین بڵێین/خێزان بە دەستەیەك لە خەڵك دەوترێت کە پێکەوە لە ڕێگەی خوێن، پەیوەندی ژن و مێرد یان شوێنی ژیانی هاوبەش، پەیوەندیان هەیە.

## بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

### توێژینەوەی کوردی

١ توێژینەوەی. زەریا احمد طاهر.)٢٠١٠ .)بەناونیشانی)جیابوونەوەی ژن و مێرد هۆکاروئەنجامەکان)توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر .

ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١. دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی جیابوونەوەی نێوان هاوسەران
٢. دەستنیشانکردنی کاریگەریە کۆمەڵیەتی و دەروونی و ئابووریەکانی جیابونەوە لەسەر خێزان وکۆمەڵگا بەگشتی .

سەبارەت بەجۆری توێژینەوەکە لەجۆری وەسفی شیکاریە. توێژەر میتۆدەکانی (مێژوویی و ڕووپێوی کۆمەڵآیەتی) بەکارهێناوە: بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازەکانی(چاودێریکردن و فۆرمی ڕاپرسیان) بەکارهیناوە .

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

١. زۆرینەی ئافرەتانی نمونەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن و پیاوەکانیش کاسبن
٢. زۆرینەی ئەو هاوسەرانەی جیابوونەتەوە تەمەنیان لەنیوان)٢٣-٣٢)ساڵیدایە
٣. خراپی باری ئابووری هۆکارێکە بۆ زیادبوونی دیاردەی جیابوونەوەی هاوسەران
٤. .ڕێژەیەکی زۆر لەتاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەکاتی هاوسەرگیریان پرس وڕاوێژیان پێنەکراوە.
٥. بەپلەی یەکەم ئەو هاوسەرگیرانەی هاوسەرگیریان کردووە: شێوازی هاوسەرگیریان لەسەر بنەمای خزمایەتی و ناسیاوی یەکتربوون. بەاڵم بەپلەی دووەم شێوازی هاوسەرگیریان لەسەر بنەمای خۆشەویستی بوو

( زەریا أحمد طاهر. جیابوونەوەی ژن ومێرد هۆکاروئەنجامەکانی. )نامەی ماستر. هەولێر: زانکۆی سەالحەدین. ٢٠١٠ )

### توێژینەوەی عربی

١. توێژینەوەی(دیدوی سامیة): (٢٠١٠ ) بەناونیشانی (پەیوەندی ململانێی خێزانی و کاریگەری لەسەر ناپاکیی هاوسەرگیری لەنێوان هاوسەران): ئەم توێژینەوەیە لەزانکۆی(وەهران) لەووڵاتی جەزائیر ئەنجامدراوە .

ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. لاوازی هەستی سێکسی لای هاوسەران : هۆکارێکە بۆ ناپاکیی هاوسەرگیری لەنێوانیاندا.
٢. هەبوونی هەستی تۆڵەسەندنەوە لای ئافرەت دەبێتە هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ناپاکیی هاوسەرگیری.
٣. دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی نەمانی متمانە و خۆشەویستی لەنێوان هاوسەران .

توێژینەوەکە لەجۆری (چۆنایەتییە): توێژەرئامرازەکانی چاوپیکەوتنی(ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ وتێبینی کلینکیی پزیشکی)بەکارهێناوە: هەروەها ژمارەی ئەندامانی نمونەکانی تویژینەوەکە لە(١٣)ئافرەت پێکهاتووە .

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

١. ئاژاوەی خێزانی لەنێوان هاوسەران: شوێنەواری خراپە بەجێهێشتووە لەسەر نەوەکان لەدوارۆژدا.
٢. هەردوو هۆکاری خراپی باری ئابووری و بێکاری دوو هۆکارن بۆ ئەنجامدانی ناپاکیی هاوسەرگیری .
٣. ساردی و تێرنەکردنی ئارەزووی سۆزداری و سێکسی و جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەران و بەزوو بەشوودان و بەزۆر بەشوودانی لەالیەن کەسووکاریانەوە: هۆکارێکی دیکەن بۆ ئەنجامدانی ناپاکیی هاوسەرگیری.
٤. دوورکەوتنەوە وکارکردنی پیاو لەشەوانەداو نەگەڕانەوەی بۆماڵەوە.
٥. خراپی شێوازی پەروەردەی پێشینەی هاوسەران لەسەردەمی قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری.

دویدی سامیة، عالقة الصراعات االسرية باالخيانة الزوجية مدى تاثرها على الروابطه االسرية. والية مستغانم، (رساله ماجستر، الجزائر: جامعة وهران، ٢٠١٠)

## بەشی سێیەم/ جۆرەکانی ناپاکی و جۆرەکانی هاوسەرگیری و ئەرکەکانی خێزان

### باسی یەکەم/ جۆرەکانی ناپاکی

١. **ناپاکی چاوی**: ئەوجۆرە ناپاکییە لە ڕێگەی تێڕامان لەدەوروبەرو بینینی دیمەنی فیلیمە وروژێنەرە سێکسیەکانەوە ئەنجامدەدریت. لەئاینی ئیسلام بەتیریکی ژەهراوی باسی لێوەکراوە: چونکە دەبێتە هەڕەشەو مەترسیداریەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی.

٢. **ناپاکی گوێچکەی**: ئەوجۆرە ناپاکییە لەرێگای گوێچکەوە ئەنجام دەدرێت: بەمەبەستی چێژ وەرگرتنی لەهەست و سۆزو وورژاندنی سێکسی لەنێوان دووکەس: ئەمەش ڕێگەپێدراو و پەسەند نیە: چونکە دژە وناکۆکە لەگەڵ داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان.

٣. **ناپاکی زارەکی** : ئەو جۆرە ناپاکییە لەرێگەی ووشە و ئاماژەو دەربڕینی دەستەواژە لەلایەن یەکێک لە هاوسەران ئەنجام دەدرێت.

٤. **ناپاکی گاڵتەکردن**: ئەوجۆرە لەناپاکییە لەرێگەی گفتوگۆکردنەوە ڕوودەدات: کاتێک چالاکی سێکسی لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێتە خولیایەک لەالیەن یەکێک لەهاوسەرانەوە(عبدالرحمن،٢٠٠٨لا ٢١١).

٥. **ناپاکی تۆڵەکردنەوە**: ئەوجۆرە ناپاکییە لەلایەن یەکێک هاوسەران ئەنجامدەدرێت: ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی بیرکردنەوەو بۆچوونی جیاوازو لێکتێنەگەیشتن لەنێوانیانداو لێکەوتنەوەی دۆخی نامۆبوون و دڵەڕاوکێ لەنێوان هاوسەران: بۆیە یەکێک لەهاوسەران هەوڵی فەراموشکردن و شکاندن و سەرکۆنەکردنی بەرامبەرەکەی دەدات: تاوەکو دەگاتە ئاستی زیان گەیاندن بەهاوبەشەکەی

٦. **ناپاکی سێکسی(جەستەی)**: ئەو جۆرە ناپاکییە: لەلایەن یەکێک لە هاوسەران ئەنجامدەدرێت کاتێک یەکێک لەهاوسەرەکە کەم تەرخەم دەبێت وبەرامبەرەکەی فەرامۆش دەکات و ئارەزووی سێکسی یەکتری

تێرناکەن بۆیە یەکێک لەهاوسەران بۆ تێرکردنی ئەو لایەنە پەنا بۆ ناپاکیی هاوسەرگیری دەبات .(أبوغابة ،٢٠١٠لا١٧)

٧. ئەم جۆرە ناپاکییە دەکرێت لەڕێگەی جەستەو دەست لێدان و دەم لەناودەمەوە ئەنجامبدرێت بۆیە دەچێتە چوارچێوەی جۆری ناپاکیی جەستەیی(السبعاوي، ٢٠١٣لا٨١).

٨. **ناپاکی سۆزداری(ڕۆمانسی)**: ئەوجۆرە لەناپاکییە لەلایەن یەکێک لەهاوسەرانەوە ئەنجامدەدرێت: کاتێک یەکێک لەدوو هاوسەرە گرنگی بەهاوبەشەکەی نادات و فەرامۆشی دەکات ئەمەش بۆشاییەکی دەروونی لەنێوانیان هاوسەران دروست دەکات: بۆیە یەکێک لەهاوبەشەکان بەمەبەستی پڕکرنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاویە دەروونیە پەنا بۆ ناپاکیی هاوسەرگیری دەبات لەگەڵ کەسی سێیەم.

٩. **ناپاکی بەڕێکەوت**: ئەو جۆرە لەناپاکیە یاخوود ئەو شێوە لەڕەفتارە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەبارێکی نائاسایی و نەخوازراو ڕوودەدات: بێ ئەوەی کەسەکە هیچ پالنێکی پێشووەختەی هەبووبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو جۆرە کەسانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن ڕەچاوی ئەنجامی ڕەفتارەکەی خۆیان ناکەن (رفاعي،٢٠١٨لا٦٨٤)

## باسی دووەم/ جۆرەكانی هاوسەرگیری

١. هاوسەرگیری ناوخۆیی

واتا هاوسەگیری خزمەكان، بە مانای تاك هاوسەرگیری لە گروپە ڕەچەڵەكی بنەمەڵاكەی یا ئیتنی یا هەرێمی یا تیرەیەكەی خۆی هەڵدەبژێری و هاوكات گروپی كوڕەكە ڕێگا نادەن كچێك بخوازێ لە دەرەوەی خۆیان، بەڵكو دەبێت لە هەمان ڕچەڵەك یا ئیتن یا هەرێم یا تیرەبێ، واتا بێگانە قبوڵ ناكەن و تێكەڵیشی نابن، وە لە هەمان كاتدا ڕێگا نادەن كوڕێكی بێگانە كچەكەیان بخوازێ، چونكە بێگانەیە بە وان، بە واتایەكی ڕونتر: نایانەوێ گەنجەكانیان كچی دەرەوە بخوازێ و كچەكانیان شو بە كوڕی دەرەوە بكا.

٢. هاوسەرگیری دەرەكی

واتا هاوسەرگیری لە دەرەوەی خزم و نزیكەكان، بە مانای هاوسەگیری لە دەرەوەی خزمە ڕچەڵكیەكان، واتا قەدەغەكردنی هاوسەرگیری لە نێوان خزم و كەس و كارەكان، بە واتایەكی ڕونتر: قەدەغەكردنی گشتگیر و هەموەكی بۆ هەموو ئەندامانی گروپە كۆمەڵایەتیەكان بەوەی لە نێوان خۆیان هاوسەرگیری ئەنجام نەدەن بەڵكولە دەرەوەی گروپەكە.

٣. تاك هاوسەری:

واتا هاوسەرگیری لەگەڵ یەك هاوسەر، بە مانای ئەوەی پیاو لە تەمەنیدا یەك ژن بهێنی هەروەها ئاماژەیە بە هاوسەرگیری پیاوێك لەگەڵ یەك ژن، ناتوانی ژنێكی تر بهێنی دوای مردنی یا تەڵاقدانی ئەوەی یەكەم. (عبداالله،٢٠١٠لا٩١)

٤. فرە هاوسەری

واتا هاوسەرگیری پیاوێك لەگەڵ زیاتر لە هاوسەرێك لە یەك كاتدا، ئەم جۆرە هاوسەردارییە لەم كۆمەڵگایانە بڵاوە:

١. ئەو كۆمەڵگایانەی كە ئەندامەكانی خێزان لە چالاكییە ئابووری و پیشەییەكاندا پشت بە یەكتر دەبەستن.

٢. لەو كۆمەڵگا لادێیانەی كە كشتوكاڵ سەرچاوەی ئابووری و گوزەرانییانە ئەوەش بۆ:

a. بەهۆی پێویستییان بە دەستی كار لە كێڵگەی كشتوكاڵیدا.

b. بەهۆی پێویستیان بە هێزی جەستەیی كە لە هێزی پیاودا زیاتر لە ئافرەت خۆی دەنوێنی.

C. پیاو خاوەن هێز و دەسەلاتێکی کۆمەلایەتی بەلایە، وەلە هەمبەر ئەو هێز و دەسەلاتەی کە پیاو لەو کۆمەلگایانە هەیەتی وا پێویست دەکات لە یەك کاتدا زیاتر لە هاوسەرێکی هەبی( خەلیل، ٢٠٠٧ لا٥٢)

## باسی سێیەم/ ئەرکەکانی خێزان

١. **رێکخستنی کرداری سێکسی و لە دایك بوون:** لەگەڵ ئەوەدا کە مرۆڤەکان بوونەوەری کۆمەلایەتین، وەکە گیان لە بەرانی تر حەز و مەیلی سێکسییان هەیە و دەبێت پڕ بکرێتەوە. سومبولی سێکسیو بە شێواز و لە فۆڕمی جیاوازدا لە هەموو کۆمەلگاکان بەرچاو دەکەون، دەوڵەت دەتوانێ لە ڕێگەی کۆمەڵێك یاسای توندەوە چاودێری پەیوەندی سێکسی خێزانەکان بکەن.

٢. **چاودێریکردن و پاراستنی مندالان و بە سالاچوان:** مندالان ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، بۆیە خێزان بەرپرسی سەرەکی چاودێریکردنی جەستە و لایەنی ئابوورییانە. جگە لەمانە، خێزان بەرپرسی پاراستن و دابینکردنی ئابووری ئەندامانی بێ توانا و بە تەمەنەکانە.

٣. **بە کۆمەلایەتیکردنی مندالان:** لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا، خێزان هەمیشە هۆکاری سەرەکی بە کۆمەلایەتیکردنی یەکەمی مندالان بووە. دوای لە دایك بوون، خێزان بۆ قۆناغێکی دوور و درێژ، تاکە گروپێکە کە لەگەڵ مندالدا پەیوەندیەکی ئێجگار زۆری هەیە، بۆیە دەبێت بە تەواوی لەگەڵ بەها و داب و نەریت و ئادابەکانی کۆمەلگای شاد بکات.

٤. **پێدانی پلە و پێگەی کۆمەلایەتی:** لە زۆربەی ئەو کۆمەلگایانەدا کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، خێزان لە ڕووی ئابوورییەوە یەکەیەکی بەرهەمهێن و یەکەیەکی بەکار بەریشە. خێزان لە ڕووی نەریتییەوە، بەرپرسی بەدیهێنانی پێداویستییە ئابوورییە بونیادییەکانی ئەندامانی بووە. (کۆهین، ٢٠١٠، ١٢٦)

## دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی

## بەشی چوارەم/ کارا کارامەییەکانی لایەنی مەیدانی

### باسی یەکەم/ میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی

یەکێکە لەو میتۆدە سەرەکیانەی کە بەکار دێت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتییە لە هەوڵدانێکی ڕێکخراو لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری لە کۆمەڵێکی دیاریکراو یاخود وەرگرتنی لێیەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی یاخود ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، ئەرکی سەرەکی ڕووپێوی بریتییە لە بە دەستهێنانی زانیاری دەربارەی دیاردەیەك یاخود گروپێك یان کۆمەڵگایەك، کە تەنها بە وەسفکردنیەوە ناوەستێ، بەڵکو شیکردنەوەشی بۆ دەکات، بە گشتی ڕووپێوکردن بە یەکێك لە ڕێگا زۆر کۆنەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت، کە تێیدا توێژەر بۆ مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری ڕاست و دروست پەنای بۆ دەبات، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیش شێوازێکی کارایە بۆ بە دەستهێنانی زانیاری، ئەم میتۆدە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار دەهێنرێت و لە ڕێگای ئەویشەوە چەندێتی و چۆنیەتی نموونەی توێژەکەی بڕیاری لە سەر دەدرێت.( {ڕەسول، ٢٠١٥، لا ٩٣)

### باسی دووەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە واتا ئەو کۆمەڵگایەی دەکەوێتە ناو سنوری توێژینەوە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە هەر توێژینەوەیەکدا و چۆنیەتی و جۆری توێژینەوەکە کۆمەڵگای توێژینەوە دیاری دەکەن، کۆمەڵگای توێژینەوە سەرجەمی گشتی توخمەکانە، کە توێژەر هەوڵ دەدات گشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی بەسەردا بدات،ئەمەش بەوە دەکرێت کە توێژەر هەڵدەستێ بە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ توێژینەوە کە ئەم کۆمەڵگە بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات، تا توێژەر بتوانێت ئەو ئەنجامانەی دەستی دەکەوێت گشتاندیان بۆ بکات بە سەر کۆمەڵگەی توێژینەوە. ( وسو،٢٠٠٧، لا ٩٤)

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان زانکۆی سەلاحەدینە، کەبەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراون، بۆیە جۆری نمونەمان (نمونەی هەرەمەکی) بەکار هاتووە، ڕێژەی فۆرمەکانمان (٥٠) دانەبوو.

## باسی سێیەم/نموونەی توێژینەوەکە

لەم جۆرە نموونەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوە دابەشدەکرێ بۆ چەند چینێك پاشان لە هەر چینێك نموونەیەك هەڵدەبژێرێت نموونەی کۆتایی پێك دێت لە کۆێ نموونە لاوەکیەکان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کە ڕێگای بە هەموو گروپەکانی کۆمەڵگا دەدات نوێنەرایەتییان لە ناو نموونەی کۆتایدا هەبێت، دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند چینێك بە پێی پێوەرێك یان زیاتر لە پێوەرێك گرنگ دەبێ وەکو ڕەگەز، تەمەن، باگراوندی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یاخود باری ئابووری.(عبدالصمد،٢٠٢٠،لا٣٠٠)

## باسی چوارەم /بوارەکانی توێژینەوە

بوارەکانی توێژینەوە بۆ سێ بەش دابەش دەبن:

بواری جوگرافی(شوێن): مەبەست لە بواری شوێن ئەو شوێنەیە کە توێژەر تێدا ئەنجامی دەدات. بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیەش لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر ئەنجام دراوە

بواری مرۆیی: دیاری کردنی کۆمەڵە کەسانێك دەبنە کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئێمەش هەڵساوین بە وەرگرتنی هەر دوو ڕەگەز ( نێر و مێ ) لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر کە ژمارەیان (٥٠) قوتابیە لە نێر و مێ

بواری کات: مەبەست لە

بواری کات ئەو ماوەیە کە کاتە تایبەتە و ئەندامانی توێژینەوەکە. ئەم توێژینەوە دەستی پێکردووە لە ( ١٠-١٠-٢٠٢١ تاوەکو ١٢-٥-٢٠٢٢ )

## بەشی پێنجەم/ حستنەڕووی شیکردنەوەی زانیارییەکان

### باسی یەکەم/ شیکردنەوەی زانیاریە گشتییەکان

خشتەی ( ١ )

ڕەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢٥ | ٪٥٠ |
| مێ | ٢٥ | ٪٥٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ( ١ ) دەردەکەوێت کە ڕێژەی  ڕەگەزی نێر لە نموونەی توێژینەوەکە لە ( ٪٥٠ ) دایە، وە ڕێژەی ڕەگەزی مێ لە (٪٥٠ ).

خشتەی ( ٢ )

باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر باش | ٥ | ٪١٠ |
| باش | ٢٧ | ٪٥٤ |
| مام ناوەند | ١٧ | ٪٣٤ |
| خراپ | ١ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ( ٢ ) دەردەکەوێت کە ڕێژەی زۆر باش لە (٪١٠)ە، وە ڕێژەی باش لە (٪٥٤)ە، ڕێژەی مام ناوەند لە (٪٣٤)ە، وە ڕێژەی خراپ لە (٪٢)ە.

خشتەی ( ٣ )

**باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٤١ | ٨٢٪ |
| خێزاندار | ٩ | ١٨٪ |
| جیابووەوە | ٠ | ٠٪ |
| تاك مردوو | ٠ | ٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ( ٣ ) دەردەکەوێت ڕێژەی سەڵت (٨٢٪)ە، وە ڕێژەی خێزاندار لە (١٨٪)ە، وە ڕێژەی جیابووەوە لە (٠٪)ە، وە ڕێژەی تاك مردوو لە (٠٪)ە.

خشتەی ( ٤ )

**شوێنی نیشتەجێبوون ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ٣٦ | ٧٢٪ |
| قەزا | ٥ | ١٠٪ |
| ناحیە | ٨ | ١٦٪ |
| لادێ | ١ | ٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ( ٤) دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٧٢٪) نیشتەجێی شارن، وە ڕێژەی لە (١٠٪)ی نیشتەجێی قەزان، وە (١٦٪) نیشتەجێی ناحیەن، وە (٢٪)ش نیشتەجێی لادێن.

## پرسیارە تایبەتیەکان

### خشتەی ( ٥ )

### ناپاکی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ٪١٤ |
| تاڕادەیەك | ٣ | ٪٦ |
| نەخێر | ٤٠ | ٪٨٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ( ٥) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (١٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٦٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٨٠٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ ئەوەدا نەخێر ناپاکی لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا ناگونجێ.

### خشتەی ( ٦)

### کاریگەری ناپاکی لەسەر منداڵەکان ڕوون دەکاتەوە

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٨ | ٪٧٦ |
| تاڕادەیەك | ١١ | ٪٢٢ |
| نەخێر | ١ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ( ٦ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٧٦٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٢٢٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ ئەوەدان بەڵێ ناپاکی کاریگەری لەسەر منداڵ دروست دەکات.

## خشتەی ( ٧ )

### ناپاکی دژی بتەمای ئایینی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٠ | ٨٠٪ |
| تاڕادەیەك | ٧ | ١٤٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ( ٧) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٨٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ١٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٦٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ ئەوەدان بەڵێ ناپاکی دژی بنەمای ئایینییە.

## خشتەی ( ٨ )

### کاریگەری ناپاکی لە کەمبوونەوەی هاوسەرگیری  ڕوون دەکاتەوە

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٠ | ٦٠٪ |
| تاڕادەیەك | ١٩ | ٣٨٪ |
| نەخێر | ١ | ٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ( ٨) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٦٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٨٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بە کاریگەری ناپاکی لەسەر کەمبوونەوەی هاوسەرگیری.

## خشتەی ( ٩ )

## ناپاکی و لە دەستدانی ناوبانگی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٧ | ٪٧٤ |
| تاڕادەیەك | ١١ | ٪٢٢ |
| نەخێر | ٢ | ٪٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی (٩) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٧٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٢٢٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٤٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بەوەی ناپاکی دەبێتە هۆی لەدەست دانی کەسایەتی و ناوبانگ.

خشتەی ( ١٠ )

هەژاری و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣ | ٢٦٪ |
| تاڕادەیەك | ٢٤ | ٤٨٪ |
| نەخێر | ١٣ | ٢٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ( ١٠ بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٦٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٨٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٦٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەوەی هەژاری دەبێتە هۆی ناپاکی.

خشتەی ( ١١ )

ساردی پەیوەندی نێوان هاوسەر و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٨ | ٥٦٪ |
| تاڕادەیەك | ١٩ | ٣٨٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ( ١١) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٥٦٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٨٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٦٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بەوەی ساردی پەیوەندی نێوان هاوسەران دەبێتە هۆی ناپاکی

**خشتەی (١٢ )**

**تۆڵەسەندنەوە و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.**

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢ | ٪٢٤ |
| تاڕادەیەك | ٢٦ | ٪٥٢ |
| نەخێر | ١٢ | ٪٢٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

**لە خشتەی (١٢) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٢٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٤٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەوەیتۆلەسەندنەوە هۆکارە بۆ ناپاکی.**

**خشتەی ( ١٣ )**

**هاوڕێی خراپ و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.**

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٢ | ٪٤٤ |
| تاڕادەیەك | ١٩ | ٪٣٨ |
| نەخێر | ٩ | ٪١٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

**لە خشتەی (١٣) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٨٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٨٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان کە هاوڕێی خراپ هۆکارە بۆ ناپاکی**

خشتەی ( ١٤)

لاوازیی ئاینی و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٠ | ٪٤٠ |
| تاڕادەیەك | ٢٥ | ٪٥٠ |
| نەخێر | ٥ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی (١٤ بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٠٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دان کە لاوازیی ئاینی دەبێتە هۆی ناپاکی

خشتەی ( ١٥)

دوورکەوتنەوە و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٠ | ٪٤٠ |
| تاڕادەیەك | ٢٥ | ٪٥٠ |
| نەخێر | ٥ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٥) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٠٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دا سەبارەت دورکەوتنەوەی ژن یا پیاو لە ماڵ ئاسانکارییە بۆ ناپاکی.

**خشتەی (١٦)**

**بێ متمانە و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.**

| ولامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٧ | ٥٤٪ |
| تاڕادەیەك | ٢٠ | ٤٠٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی( ١٦) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٥٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٦٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بەوەی نەمانی متمانە هۆکارە بۆ ناپاکی.**

**خشتەی (١٧)**

**جیاوازی تەمەن و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.**

| ولامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣ | ٢٦٪ |
| تاڕادەیەك | ١٧ | ٣٤٪ |
| نەخێر | ٢٠ | ٤٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی (١٧ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٦٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٤٠٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ نەخێر دان سەبارەت بەوەی جیاوازی تەمەن هۆکار نییە بۆ ناپاکی.**

خشتەی ( ١٨ )

زۆرە ملێ بە شوودان و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٢١ | ٤٢٪ |
| تاڕادەیەك | ٢٥ | ٥٠٪ |
| نەخێر | ٤ | ٨٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ( ١٨) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٢٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٨٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەوەی بەزۆر بە شوودان هۆکارە بۆ ناپاکی.

خشتەی (١٩)

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| وڵامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ١٨ | ٣٦٪ |
| تاڕادەیەك | ٢٧ | ٥٤٪ |
| نەخێر | ٥ | ١٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ( ١٩) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٣٦٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی (٥٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٠٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارن بۆ ناپاکی.

خشتەی ( ٢٠ )

دەست خستنە ناو کار و ناپاکی ڕوون دەکاتەوە.

| ولامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥ | ٪٣٠ |
| تاڕادەیەك | ٢٧ | ٪٥٤ |
| نەخێر | ٨ | ٪١٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ( ٢٠) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٣٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٦٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەوەی دەست خستنە ناوەوەی کەسانی دەوروبەر هۆکارە بۆ ناپاکی.

خشتەی ( ٢١)

ناپاکی و کێشە  ڕوون دەکاتەوە.

| ولامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩ | ٪٤٨ |
| تاڕادەیەك | ٢٠ | ٪٤٠ |
| نەخێر | ١ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی (٢١) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٨٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بەوەی ناپاکی دەبێتە هۆی کێشە و ناکۆکی.

**خشتەی (٢٢)**

**ناپاکی و دۆخی و ئابووری  ڕوون دەکاتەوە.**

| ولامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩ | ٤٨٪ |
| تاڕادەیەك | ٢٢ | ٤٤٪ |
| نەخێر | ٩ | ١٨٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی ( ٢٢) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٨٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٨٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بەوەی ناپاکی کاریگەری دەبێت لەسەر دۆخی ئابووریی بنەماڵە.**

**خشتەی ( ٢٣ )**

**ناپاکی و دڵەڕاوکێ ڕوون دەکاتەوە.**

| ولامی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٥ | ٧٠٪ |
| تاڕادەیەك | ١١ | ٢٢٪ |
| نەخێر | ٤ | ٨٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی ( ٢٣) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٧٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٢٢٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٨٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بەوەی ناپاکی دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی دەروونی.**

# بەشی شەشەم

# ئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیار

## ئەنجام

١. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی (٨٠٪) نەخێر لەگەڵ ئەوە دا نین، که ناپاکی لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا بگونجێ.

٢. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی( ٧٦٪) بەڵێ پێیان وایە کە ناپاکی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر منداڵ.

٣. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژە له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی (٦٠٪) لەگەڵ ئەوە دان کە ناپاکی کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی هاوسەرگیری.

٤. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی (٥٢٪) تاڕادەیەك لەگەڵ ئەوەدان که هەستی تۆڵەسەندنەوە هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی.

٥. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی (٤٠٪) لەگەڵ ئەوە دانین کە جیاوازی تەمەن هۆکار نییە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی.

٦. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی( ٥٤٪) بەڵێ پێیان وایە نەمانی متمانە لە نێوان هاوسەران هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی.

٧. له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت که ئەندامانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی(٥٤٪) لەگەڵ ئەوە دان تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەوە دان کە دەستکاری کەسانی چوار دەور و خزم هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی.

## ڕاسپاردە

١. توێژەرەکان توێژینەوەیەکی زانستیی سەبارەت بە کاریگەری ئابووریی لەسەر ناپاکی ئەنجام بدەن.

٢. توێژینەوەیەك دەربارەی لاوازی سۆز و کاریگەری لەسەر ناپاکی ئەنجام بدەن.

٣. توێژینەوە دەربارەی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ناپاکی ئەنجام بدەن.

## پێشنیار

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەکان ئەم پێشنیارانە دەخەینە ڕوو:

١. لە ڕێگای دام و دەزگایەکانەوە، هەوڵی ئەوە بدرێت هاوسەرەکان هۆشیارییان زیاتر بکرێت، بایەخ بە سۆز و خۆشەویستی یەکتر بدەن.

٢. بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان هاوسەرەکان.

٣. بایەخ بە لایەنی باشکردنی ئابووری خێزانەکان بدرێت.

٤. دەزگا ڕاگەیاندنەکان زیاتر بایەخ بە مرۆژ و سروشتی کۆمەڵگای خۆمان بدەن، نەك باسی بابەتانێك بکەن کە دوور بێت لە کلتوور و داب و نەریتی خۆمان و شتی نامۆ باس بکەن.

## ليستى سەرچاوەكان


١. خەليل، د. مەعن(٢٠٠٧). كۆمەڵناسى خێزان، چاپ خانى، دهۆك.

٢. كۆهين، بروس(٢٠١٠). سەرەتايەك بۆ كۆمەڵناسى، چ يەكەم، چاپ چوارچرا، سلێمانى
عبدالرحمان، عبدالله(٢٠١٢). توند و تیژی خێزان... تيڕوانين و چارەسەر، چ يەكەم، چاپ ماردين، هەولێر.

٣. وسو، جعفر رەسول ، ڕۆڵى ئۆبۆزسيۆنى سياسى لە بونياتنانى كۆمەڵگەى مەدەنيدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى ئاداب، زانكۆى سەلاحەددين_هەولێر، ٢٠٠٧.

٤. عبدالصمد، شنۆ حسن ، بەرپرسيارەيێتى كۆمەڵايەتى لاى خوێنكارانى زانكۆ، نامەى ماستەر، كۆلێژى زانستە مرۆڤايەتييەكان، بەشى كۆمەڵناسى، زانكۆى سلێمانى، ٢٠٢٠.

٥. عبدالرحمان، عبدالله(٢٠١٢). توند و تیژی خێزان... تيڕوانين و چارەسەر، چ يەكەم، چاپ ماردين، هەولێر.

٦. خەڵق، على ئەكبەر، و وسوقى، مەنسور(٢٠١٣). بنەماكانى كۆمەڵناسى، چ يەكەم، چاپ مركريانى، هەولێر

٧. كارزان حسن عبدالرحمن. ڕۆلى ئامرازەكانى تەكنۆلۆژياى پەيوەندى لە دروستكردنى گرفتە كۆمەاڵيەتيەكان توێژينەوەيەكى مەيدانييە لەشارى هەولێر. )نامەى ماستەر. هەولێر: زانكۆى سەاڵحەددين. ٢٠٠٨.)

٨. سەروەت عەبدوڵلة(٢٠١٠). تاوانە ئينتەرنێتييەكان لەنێوان ياساوئەخالقدا. سلێمانى. چاپخانەى بابان

**سەرچاوە عربيەكان**

٩. عبد الله بن ناصر السدخان، دليل الرشاد السري مشكلة الخيانة الزوجية، )رياض: مكتبة الفهد الوطنية 34،2011( ،للنشر

١٠. هناء جاسم السبعاوى، طالق واسبابه فى مدينه الموصل- دراسة تحليلة اضاءات موصلية، )موصل8. :،2013(

١١. صباح قاسم سعيد الرفاعي،فعالية ارشادي زواجي للتخفيف من العالقة المعلقة والعمي للنفعالي لدى الزوجات ضحايا الخيانة الزوجية، مجلة التربوية لكلية التربية ، المجلد ٥٢،العدد٢٥(،مصر: جامعة بسوهاج، ٢٠١٨،684. )

١٢. خلف بوبكر،(٢٠٢٢) أحكام الزواج والطالق وإثباتهما في الشريعة اإلسالمية والقانون، الجزائر: منصور الوادى.
١٣. دينكين ميشتل،(١٩٨٦)معجم علم االجتماع، ترجمة : إحسان محمد الحسن، ط٢( ، لبنان: دارالطليعة.
١٤. هناء جاسم السبعاوى، طالق واسبابه فى مدينه الموصل- دراسة تحليلة اضاءات موصلية، موصل8. :. 4 2013
١٥. خالد عبدالعظيم أبوغابة،(٢٠١٠) الخيانه الزوجية وأثرها: دراسة مقارنة بين الفقه االسالمى والقانون الوضعى، قاهرة: المركز القومى لإلصدارات القانونية.

## توێژینەوەی پێشوو

١. ( زەريا أحمد طاهر، جيابوونەوەی ژن ومێرد هۆكاروئەنجامەكانی، )نامەی ماستر، هەولێر: زانكۆی سەلاحەددين، ٢٠١٠ )
٢. دويدى سامية، عالقة الصراعات االسرية باالخيانة الزوجية مدى تاثرها على الروابطه االسرية، والية مستغانم، (رساله ماجستر، الجزائر: جامعة وهران، ٢٠١٠)

## پاشکۆ

## فۆڕمی ڕاپرسی فۆڕمی ڕاپرسی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر

کۆلێژی ئاداب _ کۆمەڵناسی

# کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر خێزان

توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر

بەڕێزان.......

ئەم فۆڕمەی لەبەر دەستدایە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیە. کۆمەڵێك پرسیار لە خۆ دەگرێت سەبارەت بە ﴿ کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر خێزان﴾ توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر. تکایە وڵامەکانتان با زانستی بن. سوپاسی بەڕێزتان ئەکەین لە پڕ کردنەوەی ئەم فۆرمە.

لەگەڵ ڕێزماندا

❖ تێبینی :

* پێویست بە ناو نووسین ناکات.
* هێمای ڕاست لەبەردەم وڵامە پەسندەکەت دابنێ.
* هەوڵبدە بۆ هەر پرسیارێك یەك وڵام هەلبژێرە.

| ئامادە کردنی | سەرپەرشتیار |
|---|---|
| بلال حسين رشيد | د. عبدالله اسماعيل |

## پرسیارە گشتییەکان

١. ڕەگەز : نێر ( ) ، مێ ( )

٢. تەمەن ( ) ساڵ.

٣. باری ئابووری : زۆر باش ( )، باش ( )، ناوەند ( )، خراپ ( ).

٤. باری کۆمەڵایەتی: سەڵت ( )، خێزاندار ( )، جیابۆوە ( )، تاك مردوو ( ).

٥. شوێنی نیشتەجێبوون: ناوشار ( ) ، قەزا ( )، ناحیە ( )، گوند ( ).

## پرسیارە تایبەتیەکان

| نەخێر | تا ڕادەیەك | بەڵێ | پرسیارەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئایا بەڕای تۆ ناپاکی لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەگونجێ؟ | ١ |
| | | | ئایا ناپاکی نێوان هاوسەران کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ دروست دەکات ؟ | ٢ |
| | | | پێت وایە ناپاکی دژی بنەمای ئایینە؟ | ٣ |
| | | | ئایا ناپاکی هاوسەرگیری دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی ئاستی هاوسەرگیری لە ناو گەنجان ؟ | ٤ |
| | | | ئایا ناپاکی دەبێتە هۆی لە دەستدانی کەسایەتی و ناوبانگ ؟ | ٥ |
| | | | ئایا هەژاری دەبێتە هۆی ناپاکی؟ | ٦ |
| | | | ئایا ساردی پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت دەبێتە هۆی ناپاکی؟ | ٧ |
| | | | ئایا هەستی تۆڵەسەندنەوە هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی؟ | ٨ |
| | | | ئایا هاوڕێی خراپ هۆی ناپاکیە ؟ | ٩ |
| | | | ئایا لاوازی ئاینی هۆکارە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی؟ | ١٠ |
| | | | ئایا دوورکەوتنەوەی پیاو یاخوود ئافرەت لەماڵەوە دەرفەتی ناپاکی ئاسانکردووە؟ | ١١ |
| | | | ئایا نەمانی متمانە هۆکارە بۆ ناپاکی؟ | ١٢ |
| | | | ئایا جیاوازی تەمەن لەنێوان ئافرەت و پیاو هۆکارە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی.؟ | ١٣ |
| | | | ئایا بەزۆر بەشوودان دەبێتە هۆکار بۆ ئەنجامدانی ناپاکی؟ | ١٤ |
| | | | ئایا بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کۆمەڵایەتییەکان هۆکار بووە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی هاوسەری؟ | ١٥ |
| | | | ئایا دەست خستنە ناوەوەی کەسانی دەورووبەر لەژیانی خێزانداری کاریگەری هەیە بۆ ئەنجامدانی ناپاکی؟ | ١٦ |
| | | | ئایا ناپاکی دەبێتە هۆی ناکۆکی لەنێو بنەماڵە ؟ | ١٧ |
| | | | ئایا ناپاکی کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری خێزان دەبێت ؟ | ١٨ |
| | | | ئایا ناپاکی دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی دەروونی ؟ | ١٩ |